# حوکمی ڕاستکردنەوەی دانەکان

[ كردي – کوردی – kurdish ]


**موحەمەد صاڵح المنجد**

سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)



**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حكم تقويم الأسنان

« باللغة الكردية »


محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب


ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز


2013 - 1434

IslamHouse.com

# حوكمی ڕاستكردنەوەی دانەكان

**پرسیار :** ئایا حوكمی ڕاستكردنەوەی دانەكان چیە، لەكاتێكدا ئەگەر هاتوو شەویلگەی لای خوارەوە بچوكتر بێت و دانەكانیش هەندێكیان سوار هەندێكی تریان بووبن وكەوتبنە سەریەك، لەهەمان كاتدا شەویلگەی لای خوارەوەش هەندێك لەدانەكانی دەرچووبنە دەرەوە، بۆ زیاتر ئاگاداری جەنابتان ئەگەر ئەم دانانە ڕاستیش بكرێنەوە پێویست بەوە دەكات كە هەندێك دان هەڵبكێشرین بۆ ئەوەی مەسافەیەك دروست ببێت بۆ دانەكانی تر تا جێگای خۆیان بكەنەوە، لەكۆتاییشەوە بۆ ئەوەی كاری ڕاستكردنەوەكە تەواو بكرێت پێویست بەوە دەكات دانەكان نەرم و ناسك بكرێن بۆ ئەوەی ئەو مادەیەی كە بەو ئاسنانەوە بووە لەكاتی ڕاستكردنەوەكەدا نەمێنێت ؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان .

پرسیار لە شێخ صاڵح الفوزان كرا ( خوا بیپارێزێت) لەبارەی ڕاستكردنەوەی دەم ودانەوە، بەڕێزیان لەوەڵامدا ووتیان : ئەگەر هاتوو پێویستی بەوە كرد كە دانەكان ڕاست بكرێنەوە،

وەك ئەوەی ناشیرینی وناڕێكیەك لەدانەكاندا هەبوون وپێویستی بەوە دەكرد ڕاست بكرێنەوە، ئەگەر هاتوو بەم شێوەیە بێت قەیدی ناكات ودروستە و هیچ تێدا نییە، بەڵام ئەگەر هاتوو دانەكان هیچ عەیب وعار وناشیرینیەكانیان تێدا بەدی نەدەكرا، ئەوە دروست نییە دەست بخرێتە نێو دانەكان بەمەبەستی ڕاستكردنەوە وجوانكردنیان، چونكە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) ڕێگری لەوەها كارێك كردووە، كە دانەكان دەستكاری بكرێن بەمەبەستی شاش وتیژكردنیان ، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو هەڕەشەی توندیش لەو كەسانەكراوە كە كاری وادەكەن، چونكە ئەمە گۆڕینی خەلق ودروستكراوەكانی خوای گەورەیە .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەمە بۆ چارەسەركردن بوو، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو ناشرینی و ناڕێكیەك لەناو دانەكاندا بەدی دەكران، یا ن وا پێوستی دەكرد ئەو دانانە ڕاست بكرێنەوە، وەك ئەوەی مرۆڤ بەهۆی ناڕێكی دانیەوە خواردنی باش بۆ نەدەخورا، لەم كاتەدا هیچ ڕێگریەك نییە لەوەی دانەكان ڕاست بكرێنەوە .

به نسیبەت لابردنی دانی زیادەیشەوە، شێخ عبد الله بن جبرین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ووتویەتی : هیچ قەیدی ناکات دانی زیادە لاببەیت، چونکە ڕواڵەتی مرۆڤ تێك دەدات، ونارەحەتی دەکات، بەڵام دان شاش کردن وتیژکردنەوەیان کارێکە ڕێگری لێکراوە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا .

خوای گەورەش زاناترە .

لە کتێبی : فتاوى المرأة المسلمة (بەرگی ١ / لاپەڕە ٤٧٧) وەرگیراوە .